Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.9

# خەون وەک میکانیزمی بەرگری دەروونی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا "لەتیف هەڵمەت" بە نموونە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Rayan Askandar Jawhar
rayan.jawhar@su.edu.krd

RECEIVED :17 /03/2025
ACCEPTED :29/06/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**ڕەیان ئەسکەندەر جەوهەر**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
**ڕێبوار محمد اسماعیل**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
خەون،
میکانیزمی بەرگری دەروونی،
دەلالەتی دەروونی،
نۆستالژیا،
گرێی دەروونی.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیەی سەرەوە، لەژێر ناونیشانی (خەون وەک میکانیزمی بەرگری دەروونی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا "لەتیف هەڵمەت" بە نموونە)یە، لەم توێژینەوەیەدا بابەتی خەون ئامێز و ئەو شیعرە خەونیانەی پەیوەستن بە بواری دەروونی دەخرێتەڕوو، لایەن و لقەکانی ئەم بابەتە لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا تیشکی لێکۆڵینەوەیان دەخرێتەسەر. لە بەشی یەکەمدا چەند لایەنێکی گشتی و تیۆری لەسەر بابەتەکە دەخرێتەڕوو، ئینجا لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە جۆرەکانی خەون دەکرێت لەڕووی دەروونییەوە لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا بەتایبەتی، چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە خەونانە لە شیعرەکانی شاعیردا بەپێی بنەمای دەروونشیکاری باس کراون و خراونەتەڕوو.

لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرانەی لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا ئاماژەی بە هەست و سۆزە دەروونیە شاراوەکانی نەستی خۆی لە قاڵبی خەوندا کردووە، شاعیر دیوی ناوەوەی یان لایەنی سایکۆلۆژی دەروونی ئاشکرا دەبێت لەڕێگەی شیعرە خەونیەکانییەوە، کە لەڕێگەی خوێندنەوەی دەق و بەرهەمەکانی شاعیرەوە بە لایەنی دەروونی شاعیر و کەسایەتی شاعیر ئاشنا دەبین، بۆیە لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر لایەن و چەمک و ڕەهەندەکانی خەون و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت لەشیعری شاعیردا.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١. پێشەکی

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان ئەدەب و خەوندا، چونکە ئەدەب باشترین مەیدانە بۆ دەروون تا خۆی تێدا بەتاڵ بکاتەوە، بەجۆرێک هەموو خەون و خولیا ئاشکرا و شاراوەکانی مرۆڤ لەخۆبگرێت بەوانەشەوە، کە لەمێژە چەپێندراون و دەرفەتی بەدیهێنانیان نەبووە، مرۆڤ بەهۆی ناڕازی بوون لەم بوون و ژیانە، پەنا بۆ خەون و خەیاڵ دەبات، بۆئەوەی ڕزگاری ببێت لەو پەستانە دەروونییەی، کە لەناخیدا دروست بووە، ئاوردانەوە لەهەموو ئەو شتە شاراوانەی ناخی مرۆڤ ئەرکێکی دیکەی ئەدەبە بە گشتی و شیعر بەتایبەتی.

هەر لایەنێکی دەروونی، کە لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەخرێتەڕوو کاریگەری هەیە بەسەر گوێگر و خوێنەرەوە، وەکو یەکێک لەم لایەنە دەروونیانە، کە خەونە، دەرخەری لایەنی دەروونی و دیوی ناوەوەی نوسەرە و دەبێتە هۆی وروژاندنی خوێنەر، چونکە لەوانەیە ئەم خوێنەرەش ئەم حاڵەتەی هەبووبێت، بەڵام چەپێندراوە لەدەروونیدا، بۆیە خەون دەرخەری لایەنە شاراوەکانی ناخی مرۆڤە.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە گرنگی لایەنی دەروونی لەکاری ئەدەبیدا خستۆتەڕوو، هەروەها لەشیعری ئەم شاعیرەدا توانراوە جۆرەکانی خەون پراکتیز بکرێت لەلایەنی دەروونی و سایکۆلۆژییەوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: لەنوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی – شیکاری) پەیڕەوکراوە، دوای ئەوەی وەسفی چەمکەکان کراوە و زانیاری تیۆری لەسەر پەیوەندی خەون و ئەدەب، ئەدەب وەک میکانیزمی بەرگری دەروونی و خەون لەدەقی شیعریدا خراوەتەڕوو، ئینجا لەسەر ئەو زانیاری و لایەنە تیۆریە کاری پراکتیکی لەسەر نموونەی دەقی شیعری لەتیف هەڵمەت کراوە.

سنوری لێکۆڵینەوەکە: لەڕووی چوارچێوەی زانستی و بواری تیۆری لێکۆڵینەوەکە ڕەخنەییە، کەرەستەی بەکارهاتوو شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە شیعرە خەونییەکانی لەتیف هەڵمەت لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە شیبکاتەوە و جۆرەکانی بخاتەڕوو.

پلانی ئەم لێکۆڵینەوەیە: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکیەک و دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، کە هەر بەشێکیش چەند تەوەرەیەک لەخۆدەگرێت، بەشی یەکەم لەدوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت لەتەوەرەی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی و تیۆری باسی ئەدەب وەک میکانیزمی دەروونی، پەیوەندی نێوان ئەدەب و خەون و خەون لەدەقی شیعریدا دەکات، جۆرەکانی خەون لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە دەکات، لەتەوەرەی دووەمیشدا باسی تەکنیکی تایبەت لەشیعری هاوچەرخی کوردی دەکات و دابەش دەبێت بەسەر سێ لایەنی جیاواز ئەویش، وەکو: دەلالەتی دەروونی و دەلالەتی هونەری و دەلالەتی هزری لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا شیعری چەند شاعیرێکی هاوچەرخ بەنموونە هێنراونەتەوە، هەروەها باسی میکانیزمی بەرگری دەروونی خەون کراوە لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا.

لەبەشی دووەمیشدا جۆرەکانی خەون لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا پراکتیک کراوە و پێنج جۆرە خەون دیاری کراوە لەڕووی دەروونشیکارییەوە.

لەکۆتایشیدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەچەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوە و پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## ٢. ١. پەیوەندی ئەدەب و قوتابخانەی دەروونشیکاری

### ٢. ١. ١. ئەدەب وەک میکانیزمی بەرگری دەروونی:

مرۆڤ ڕۆژانە بەچەندین ڕووداو و بەسەرهاتی سەیر و تازە تێپەڕ دەبێت و تووشی چەندین گرێی دەروونی و چەپاندنی ئاوات و ئارەزوو دەبن و لەناخیاندا دەچەسپێت، ئەم ئارەزووانە پێویستیان بە فەراهەمکردنە، بۆیە نەست هەوڵدەدات ڕێگە چارەیەک بدۆزێتەوە، یەکێک لەو ڕێگا و میکانیزمانە بۆ پارێزگاری کردن لەدەروون (نەست)ی کەسەکە ئەدەبە، کە نوسەران دەیگرنەبەر و ئەوەی لەناخ و دەروونیان شاراوەتەوە دەریدەبڕن بەبێ ئەوەی خودی خۆیان ئاگاداربن، بەمەش

ئەدەب دەبێتە هۆی پاککردنەوە و تێرکردنی نەستی نوسەر، کەواتە ڕێگایەک بۆ بەتاڵکردنەوەی نەستی نوسەر لەئارەزووە چەپێندراوەکان ئەدەبە، کەواتە بەرهەمی ئەدەبی پەیوەستە بە هەموو بوارەکانی ژیان و هەموو لایەنەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، یەکێکیش لەو لایەنانە دەروونە، کە ئەدەب وەکو میکانیزمێکی پارێزگاری دەروونی ئەوەی لەناخ و دەروونی نوسەر شاراوەتەوە تێدا دەردەکەوێت و دەروونی نوسەریش ئاسودە دەکات.

هۆکارێکی سەرەکی و پاڵپشت بۆ بەرهەم هێنانی دەقی ئەدەبی لایەنی دەروونییە و ((هەموو کارێکی هونەری بەهۆکاری دەروونییەوە بەرهەم دێ، کە ناوەرۆکێکی ئاشکرا و نهێنی بەخۆوە دەگرێ وەکو خەون، کە واتای ڕەنگدانەوەی دەروونی دانەرە))، (مەعروف، ٢٠١٠، ٩٩)، زۆرجار ئەدەب دەبێتە پەناگە وماڵێکی سەربەخۆ بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانی نوسەر و گەیشتن بە ئامانجەکەی، بێگومان هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لەقوڵایی و ناوەڕۆکیدا دەرخەری گرێیەکی دەروونی و ئارەزووێکی کپکراوی ناو نەستە.

میکانیزمی بەرگری جۆری زۆرە بۆ خاڵی کردنەوەی نەست، بەڵام ئەو کارامەی و توانایەی نوسەران و ئەدیبان هەیانە لەداهێنانێک بەکاری دەهێنن و هەوڵدەدەن لەڕێگەی ئەو داهێنانەوە ئاسودەیی دەروونی بەدەستبهێنن، کە ئەویش ئەدەبە، ((ئەوەی کە هونەرمەند و ئەدیبان بەرهەمی دەهێنن، جۆرێکە لە تێرکردنی خەیاڵی حەز و ئارەزووە نەستیەکان، بەڵام کەسانی ئاسایی ئەو حەز و ئارەزووە کپکراوانەی نەستی لەخەوندا تێردەکەن))، (قەرەچەتانی، ١٩٩٩، ١٣٧)، نوسەران ڕێگەیەکیان هەیە بۆ هەڵڕشتنی ئەوەی لەناخ و دەروونیاندا گیرساوەتەوە و چاوەڕێی ڕێگەیەک دەکات بۆ دەرچوون، ئینجا نوسەرانیش چەندین ڕێگە و میکانیزمێکی بەرگری جیاوازیان لەپێشە و دابەش دەبن بەسەر چەندین لقی جیاجیای هونەری و ئەدەبی، ئینجا لەڕێگەی میکانیزمی بەرگری نوسینی جۆرە جیاوازەکانی دەقی ئەدەبی و بەتایبەتیش شیعر بێت.

### ٢. ١. ٢. جۆرەکانی خەون لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە:

خەونەکان بۆ بەتاڵکردنەوەی نەست و ئارامکردنەوەی دەروون دروست دەبن و مرۆڤ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەون و ئارەزووەکانی زیاد دەبن، بۆیە مرۆڤ هەموو کاتێک پێویستی بە خەونبینین هەیە، خەونەکان جۆراوجۆر و جیاوازن و ئەم جۆرە جیاوازانەی خەون هەریەکەیان کاریگەری جیاوازیان لەسەر مرۆڤەکان هەیە.

زانایان و توێژەران لەبارەی جۆرەکانی خەونەوە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە و لەزۆر ڕوانگەی جیاوازەوە جۆرەکانی خەونیان دیاریکردووە و گرنگیان پێداوە یەکێک لەو توێژەرانەی، کە جۆرەکانی خەونی دیارکردووە ئێمە هەوڵدەدەین لێرەدا بیخەینەڕوو، (پێشڕەو عەبدوڵلا) لەکتێبی (جەستە. دەروون. عەقڵ)، سێ جۆرە خەونی دیاریکردووە، ئەوانیش:-

١. خەونی جەستەیی ٢. خەونی روحی ٣. خەونی دەروونی

لێرەدا هەوڵدەدەین خەونی دەروونی دابەش بکەین بەسەر چەند جۆرێکی دیکە، بەکورتی باسیان دەکەین و دەیانخەینەڕوو، ئەوانیش بریتین لە:

١. خەونی نۆستالژیا و گەڕانەوە ٢. خەونی قەرەبووکردنەوە ٣. خەونی نێرجسی ٤. خەونی سادی ٥. خەونی ماسۆشی.

### ١. خەونی نۆستالژیا و گەڕانەوە:

مرۆڤ زۆرجار لەژیانی هەستی غەریبی و نامۆیی بۆ دروست دەبێت، ئینجا هەستی غەریبی و گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و گەنجی بێت، یان ترس لەمردن بێت، یان هیوا خواستن بە جیهانێکی نموونەیی بێت، ئەم هەستە لەناو خەونەکانیدا بەرجەستە دەبێت ئەو ترس و غەریبی و هەستە نامۆیەی چارەسەر دەبێت.

بەهۆی دووربوون لە وڵات و غەریبی نیشتیمان، ئەم هەستانە لای شاعیران و نوسەرانیش سەرهەڵدەدەن بەهەمان شێوەی کەسانی ئاسایی و لەشیعرەکانیاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت، چەمکی نۆستالژیا خەون و خەیاڵی مرۆڤ و نوسەرە، خەون بە کۆمەڵێک شتەوە دەبینێت کە دەستی پێیان ناگات لەژیانی واقیعدا، بۆیە ئەم هەستە دەروونیەی بۆ دروست دەبێت.

### ١. خەونی قەرەبووکردنەوە:

بەبڕوای ئەدلەر، کە داهێنەری گرێی خۆ بەکەمزانینە، پێی وایە هەموو مرۆڤێک ئەم گرێیەی لەگەڵدا لەدایک دەبێت و

لەناخی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، ئینجا ئەم هەستکردن بە کەمییە لەلایەنی جەستەیی بێت یان دەروونی لە بەرامبەریدا میکانیزم و ڕێگەیەک هەیە چارەسەری ئەم گرێیە دەکات، ئەویش میکانیزمی قەرەبووکردنەوەیە یان قەرەبووکردنەوە لەڕێگەی خەونەوە، بۆیە ((کاتێک مرۆڤ لەبوارێکدا نووشستی و هەرەس دەهێنێ، هەوڵ دەدا لە هەمان بوار یان لەبوارێکی تردا جارێکی تر سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و هەرەس هێنانی یەکەمی قەرەبوو بکات))، (قەرەچەتانی، ٢٠١٥، ٣٠٩)، کەواتە ئەم قەرەبووکردنەوەیە ڕێگایەکە و چارەسەرێکە بۆ ئەو گرێی خۆ بەکەمزانین و کەموکورتی و لاوازییەی ئەو کەسە هەیەتی لەیەکێک لە لایەنەکانی جەستەیی یاخود دەروونی.

**٣. خەونی نێرجسی (نەرگسیەت):**

نێرگسیەت حاڵەتێکە کە خۆشەویستیەکی لەڕادەبەدەری خود دەگرێتەوە، ئەم حاڵەتە لەلای هەموو مرۆڤێک بوونی هەیە و کاریگەری لەسەر کار و کردەوەی مرۆڤەکە دەردەکەوێت و ((دیاردەی نەرگسی یەکێکە لەسیماکانی کەسێتی لای هەموو تاکێک بوونی هەیە، بەڵام بە پلە و ڕێژەی جیاواز))، (محەمەد و سعدون، ٢٠١٣، ٥١)، هەندێک کار و کردەوە هەیە، کە ڕادەیەکی زۆری نێرگسیەت یان خود پەرستی تێدایە، کە مرۆڤ ناتوانێت بەئاشکرا ئەنجامی بدات و لەکۆمەڵگە ڕێگەپێدراو نییە، بۆیە لەخەوندا وەکو قەرەبووکردنەوەیەک ئەو کارە یان ئەو ئارەزووە نێرگسیە جێبەجێ دەکات.

بیروڕای جیاواز لەسەر نێرگسی یان خود پەرستی هەیە و هەر یەکێک بەجۆرێک باسی دەکات و پێناسەی دەکات، یەکێک لەمانە ((قوتابخانەی شیکاری دەروونی نەرگسیەت وەها وەسف دەکات، کە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ بڕوابوون بەخۆی و ئامادەکردنی خود و ڕێزگرتنی))، (سەعدون، ٢٠١٣، ٢١٤)، کەواتە خەونی نەرگسیەت ئەو جۆرە خەونەیە، کە تاک شانازی بەخۆی دەکات و زیادەڕەوی دەکات لەگرینگیدان بەخودی خۆی و لەخەونەکانیشدا ئەو جۆرە کەسە خۆی بە کەسێکی بەرز و سەرکردە دەبینێت.

**٤. خەونی سادی:**

سادیزم ئەو جۆرە حاڵەتەیە، کە حەز بە ئازاردانی کەسانی دیکە دەکات و حەز بەخۆسەپاندن و زوڵم کردن دەکات لەکاتی سێکس کردندا هەر لەکۆنەوە بەم مانایە بەکارهاتووە، بەمانای توندوتیژی سێکسی بەکارهاتووە لەکۆندا، ئینجا ئەو ئازاردانە لەلایەنی دەروونی بێت یان جەستەیی و ((لایەنێکی دەروونییە و بریتییە لە چێژ وەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی دیکە و ئەشکەنجەدانیان بەمەبەستی ملکەچ پێکردن))، (عثمان، ٢٠٢٢، ١٠٦)، ئەم حاڵەت و حەز و ئارەزووەش هەموو کاتێک دەستەبەر نابێت، بۆیە زۆرجار لەخەوندا دەگات بەو ئارەزووە یان ئەم لایەنە دەروونیە جێبەجێ دەبێت.

سادیزم ئەو حاڵەتە دەروونیەیە ((لەبنەڕەتدا بۆ توندوتیژی سێکسی بەکارهاتووە، بەڵام دواتر زاراوەکە فراوان تر بۆتەوە و توندوتیژی و ئازاردانی لایەنی تریشی گرتۆتەوە کە بەرانبەر بە مرۆڤەکان دەکرێ))، (عیسا، ٢٠١٢، ١٠٤)، ئەم حاڵەتە لایەنی دیکەشی گرتۆتەوە، بۆنموونە کەسێک ئەو حاڵەتەی هەیە، بەڵام لەئاگاییدا ڕێگەی پێ نادرێت ئەو کارانە ئەنجام بدات، بۆیە لە خەونەکەیدا ئەو ئارەزووەی جێبەجێ دەکات، خەونی سادیزم خەونی ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە ئازاری دەوروبەر دەدەن، بەم شێوەیە دەروونیان ئاسوودە دەبێت، ئەمەش بەهۆی پاڵەپەستۆ و توندوتیژی دەوروبەر تووشی ئەم حاڵەتە بوونە.

**٥. خەونی ماسۆشی:**

ئەم جۆرە حاڵەتەیە، کە کەسەکە خۆشی دەبینێت لەوەی ئازار بدرێت لەکاتی سێکس کردندا و خۆی ڕادەست دەکات بەئازاردانی لەلایەن کەسانی دیکەوە یان خۆشی دەبینێت لەوەی سوکایەتی پێ بکرێت و گازاندەی لێ بکرێت، کەسی خەونبینی ماسۆشی حەزی لێیە ئازاری بدەن، دەروونی داوای ئازار و سزادان دەکات، کەسانی ماسۆشی بەهەموو جۆرە ئازاردانێک ڕازین و ((ماسۆشیزم پێچەوانەی سادیزمە بەمانای ئەوە دێت ئەو کەسە خۆی حەزی لەوەیە ئازار بکێشێت لەم ئازارکێشانە چێژ وەردەگرێت))، (عیسا، ٢٠١٢، ١٠٨)، کەواتە ماسۆشیزم ئەو حاڵەتە دەروونیەیە، کە تێیدا کەسەکان پێیان خۆشە ئازار بدرێن و زەلیل بکرێن لەلایەن کەسانی دیکەوە زۆرجار ئەم حاڵەتە لەژیانی واقعیدا دەستەبەر نابێت و کەسەکە ناتوانێت پێی بگات، بۆیە ڕێگەیەکی دیکە هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو حاڵەتە دەروونییە، ئەویش لەڕێگەی خەون و خەیاڵەوە کەسەکە دەگات بە ئامانج و ئارەزووەکەی.

### ٢. ١. ٣. پەیوەندی نێوان ئەدەب و خەون:

ئەدەب فرە ڕەهەندە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان پێکهاتووە، چونکە باسی هەست و سۆز و دەروونی مرۆڤ دەکات، مرۆڤیش فرە ڕەهەندە لە (ئەندێشە و هزر و دەروون...هتد) پێکهاتووە، هەروەها ئەدەب باسی کێشە و ئازارەکانی تاک و کۆمەڵگە دەکات، بەپێی سەردەم و ژینگە گۆڕانکاری بەسەر جۆری ژانرەکاندا دێت و هەر سەردەمێک پێویستی بە ژانرێک بووە بۆ باسکردنی کێشە و ئازارەکانی کۆمەڵگە.

ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبییەکان لە لێکۆڵینەوە دەروونییەکان سەرچاوەیەکی گرنگ بوونە، کە فرۆید لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەدیبان لە سایکۆلۆژیادا مامۆستای ئێمەن، چونکە لە سەرچاوەیەکی گرنگی مرۆڤەوە بابەتەکانیان هەڵدەهێنجن، بگرە فرۆید دوورتریش دەڕوا و دەڵێ: هونەرمەند چییە جگە لە زانایەکی شیکاری دەروونی بەجۆرێکی تر، ئەمە لەبەرئەوەی ئەدەب و سایکۆلۆژیا باس لە بابەتی هاوبەش و نزیک لەیەک دەکەن، وەک خەیاڵ و فکر و خەون هەستەکان و چوونە نێو هەرێمە تاریک و قووڵەکانی خودی مرۆڤ))، (ئەسوەد، ٢٠١١، ١١٦)، توێژەری دەروونی دەتوانێت سوود لە دەقە ئەدەبییەکان وەربگرێت و لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان لێکبداتەوە، فرۆید بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی سوودی لە ئەدەب وەرگرتووە، هەروەها پەنای بۆ ئەدەب بردووە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک لە بیر و بۆچوونەکانی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نەستەوە هەیە.

ئەدیب زۆرجار باس لەگرێ دەروونییەکانی خۆی دەکات، یاخود باسی کێشە دەروونییەکانی خۆی دەکات، ئەو یاسا و ڕێگر و بەربەستانەی دەکەونە سەر دەروونەوە، بەهۆی کۆمەڵگە و ئایین قەدەغە کراون، ئەدەب بە یارمەتی چەمکی خەون ئەو بەربەستانە تێدەپەڕێنێ و یاخی دەبێت و باسی هەموو لایەنە چەپێندراوەکانی نەستی خۆی دەکات، بۆیە ((هەر کاتێ ئەدیب و هونەرمەندیش هەستی کرد دەستە کورتەکان و زمانە شەکەتەکەی ڕێگرە لە کردنەوەی گەنجینەکانی ناخی دەروون و دڵ و مێشکی، ئەوا سواری ئەسپی خەون دەبێ و لەم دنیا بەرفراوانەدا بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێ، کە هەر خۆی دەزانێ چییە و چۆنە و لەکوێ دەست دەکەون)) (شەوڕۆ، ٢٠١٤، ٢٢)، ئەدەب هەمیشە هەوڵ بۆ شتێکی مەحاڵ دەدات، کە ناتوانین ئەنجامی بدەین، خەونیش بەهەمان شێوە هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی دنیایەکی دی و ئەو شتە مەحاڵانەی تێدایە بەدیدەهێنێت.

خەونیش بەشێکە لەلایەنی دەروونی، کە لە بەرهەمی ئەدەبیدا دەرکەوتووە، ئەمە ڕێگا خۆشکەر بووە و یارمەتیدەری دەروونناسەکان بووە، بۆئەوەی خەون لە دەقی ئەدەبیدا ڕوون بکەنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکەن، جا هەندێکجار بە ڕوون و ئاشکرایی باسی خەونەکانی کردووە یان بە شاراوەیی و پەنهانی، بەڵام لە ڕێگەی ڕەمز و ئاماژە بەدەرکەوتووە.

بەبڕوای فرۆید ((خەونیش وەک ئەدەب وایە، چونکە زۆر بۆچوون هەن پێیان وایە نووسین دامرکانەوەی حەز و ئارەزووە خەفەکراوەکانی نێو نەستە، بۆیەش دەبینین شاعیر لەکاتی نووسینی هەر بەرهەمێکدا ئاسوودە دەبێ و وەک دانانی کۆرپەیەک سەیری بەرهەمەکەی خۆی دەکا، کەواتە شیعریش وەک خەون نهێنییەکانی ناخی نووسەر دەردەداتەوە دەرەوە))، (موسا، ٢٠١٩، ٨٢)، فرۆید ڕاڤەی خەونی کردووە و لێکیداوەتەوە لەڕێگەی ڕەمز و ئاماژە و زمانی خەون لەڕێگەی توێژینەوە، توێژەر دەتوانێت نهێنییەکانی ناخی نووسەر و نهێنییەکانی ناو نەستی دەربخات بەشێوازێکی زانستی و گونجاو، خەون خاوەن کۆمەڵێک ڕەمز و زمانی تایبەت بەخۆیەتی و بەفراوانی لەناو ئەدەبدا جێگەی خۆی کردووەتەوە. (ئەریک فرۆم) دەڵێت: ((ئێمە دەتوانین لە دنیای خەوندا ببین بە شاعیر))، (موسا، ٢٠١٩، ٣٠)، خەون لە هەموو بەرهەم و دەقە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە و ڕەنگدەداتەوە، ئەدەب وەک دایکێک وایە، کە هەموو منداڵەکانی لەخۆی دەگرێت (ژانرەکان)، ڕەخنەگری دەروونی دەتوانێت لەڕێگەی دەق لایەنی (کۆمەڵایەتی و مێژوویی، فیکری، فەلسەفی، دەروونی...هتد)، شاعیر دەربخات و لایەنە تاریکەکانی ناخی ببینێت.

### ٢. ١. ٤. خەون لەدەقی شیعریدا:

دەروون و نەست کۆگایەکی پڕ لەڕووداو و وێنە و ئارەزووی چەپێندراوە، کە بۆ نوسەر و شاعیر خەزێنەیەکی گرنگ و بە بەهایە و سەرچاوەی نوسینی بەرهەمەکانیەتی، شاعیر وەکو کەسانی ئاسایی نییە، هەست بە شتانێک دەکات، کە کەسانی دی هەستی پێ ناکەن، شاعیر بەوردی و قوڵی دەڕوانێتە ڕووداو و دیمەنەکانی ڕۆژانە ئەمانەش هەموو لەنەست

ئەرشیف دەبن، ئەو شتە چەپێندراوانەی شاعیر لەژیانی نەیتوانیوە پێیان بگات ئەوە لەڕێی نەستەوە جارێکی دی دێتەوە پێش، شاعیر ئەم جارە لەڕێی شیعرەوە خەیاڵ و ئارەزووەکانی جێبەجێ دەکات و لەڕێی بەکارهێنانی چەمکی خەون لەشیعرەکانیدا ئەو کێشە و خەسڵەتە دەروونیانەی، کە بۆ شاعیر دروست بووە دەکرێتەوە و حەز و ئارەزووەکانی جێبەجێ دەکات.

خەون ڕێگەیەکی سەرەکیە، کە دەچێتە ناو دونیای نەست و شاعیر لەرێگەی خەونەوە دەگات بەو وێنە و دیمەن و ڕووداوانەی، کە لەناو نەستیدا کەڵەکە بوون، ئینجا ئەو وێنە و ڕووداوانە بەشێوە و رێگای جیاواز دەردەبڕێت و گوزارشتیان لێ دەکات، بەهەمان شێوە، کە لەدەروون و نەستیدا هەیە باسی ناکات، بەڵکو شاعیر دەیخاتە بەرگێکی دیکەی وەکو خەون و لەناو شیعردا هەڵیدەڕێژێت، کەواتە لەشیعردا بابەتەکان زۆرجار خەسڵەتی جیاواز وەردەگرن لەشیعردا شتەکان هێما و ڕەمزی جیاوازیان پێدەدرێت و بۆ مەبەستی دیکەی شاراوەیان لەپشتە.

شاعیر زیاتر وردبینە و هەست بە شتەکانی دەوروبەری دەکات، خەون و خەونبینین دنیایەکی درەوشاوەی پڕ لە نهێنییە، کە شاعیر خۆی دەچێتە ناو دنیای خەون داهێنانی بەرز و جوان دەکات، هەروەها هیچ سنور و شتێکی قەدەغەکراو نییە لەم جیهانەدا ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ شاعیر بۆئەوەی بگات بەو شتەی دەیەوێت و ڕێگری لێنەکرێت.

پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان خەون و شیعردا هەیە، چونکە هەر ئەو خەونەیە سەرچاوەی دروست بوونی شیعر و دەقی شیعرییە، نەست سەرچاوەیەکی گرنگی وێنەی شیعرییە لای هەموو شاعیرێک، شاعیر پرۆسەی بەتاڵکردنەوەی شتە پەنگ خواردووەکانی ناو نەست لەخەوندا جێبەجێ دەکات، کەواتە پەیوەندیەکی گرنگ لەنێوان خەون و نەست و شیعردا هەیە، هەر بەو هۆیە ((ئەگەر سەرنج بدەینە هەموو ئەو کەسانەی وتەیەکیان لەبارەی شیعر وتبێت باسی خەون و هەست و نەستیان کردووە، چونکە شیعر بەشێکی دانەبڕاوە لەجیهانی خەیاڵ و خەون و نەست و سۆز))، (عیسی، ٢٠٠٩، ٧٥)، کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت، کە نەست و خەون و گرێ دەروونییەکان بەیەکەوە دەقی شیعری بەرهەم دەهێنن، وەکو کەرستەکانی وێنەکێشان وایە، تاوەکو کەرستەکان بەردەست نەبن، وێنەکێشەکە ناتوانێت کارەکەی ئەنجام بدات، کەواتە تاوەکو نەست و خەون...هتد یەکنەگرن دەقی شیعری سەرکەوتوو بەرهەم نایەت.

شاعیر خەون بە دنیایەکی ئازاد و جوان دەبینێت، چونکە دنیای واقیعی خەونەکانی بەدیناهێنێت، بۆیە ئەویش لە دنیای خەوندا هاتووچۆ دەکات و دواتر ئەو خەونە بە شیعر دەردەبڕێت.

دەروونشیکاری لەرێگەی دەقەوە نەستی شاعیر کەشف دەکات و نهێنییەکانی ناو دەق دەدۆزێتەوە و ئاماژە بە کێشە دەروونییەکانی شاعیر دەکات، ئەم حەز و ئاواتەی لەژیانی شاعیر بەدی نەهاتووە، بۆیە لەناو نەستی شاعیر کەڵەکە دەبێت، بەڵام هەموو ئەو ئاوات و ئارەزووانە لەخەوندا هەوڵی هاتنە دەرەوە دەدەن لەدەقە شیعرییەکاندا، ((نەست کانگەیەکی دەوڵەمەندە و لێوان لێوە لەڕووداو و وێنەی کەڵەکەبوو، هەرچەندە شاعیر وێنەی لێ هەڵبهێنجێ هەر تەواو نابێت، چونکە خەونەکانی مرۆڤ قەت دوایی نایێت لەکاتی شیعر نووسیندا نەست ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت))، (عیسی، ٢٠٠٩، ٧٦)، کەواتە هەموو ئەو شتە چەپێندراوانەی ساڵانێکە لەنەستدا بوونەتە گرێی دەروونین، لەخەوندا خاڵی دەبنەوە زۆرجاریش شاعیر خەونی خۆی دادەڕێژێتەوە و دەیکات بە شیعر و دەگات بە ئاواتەکانی خۆی.

### ٢. ٢. ١. خەون وەک تەکنیکی تایبەت لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا:

لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا دەبینین دیاردەی خەون و خەونبینین بەروونی هەستی پێدەکرێت لەشیعری شاعیراندا، ئینجا شاعیران ئەو زاراوەی خەونیان وەک تەکنیکی جیاواز بەکارهێناوە، کە دەلالەتی جیاوازی بەدەستەوە داوە، وەکو لەم دەلالەتانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

### ٢. ٢. ٢. دەلالەتی هزری خەون لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا:

مەبەست لە دەلالەتی هزری چییە؟ (فرۆید دەروونی مرۆڤی دابەش کردووە بەسەر سێ بەشدا ئەویش: (ئاگایی، پێش ئاگایی، نائاگایی "نەست") ) (ئیسماعیل، ٢٥، ٢٠٢٠)، مەبەست لە دەلالەتی هزری واتا کاتێک شیعرەکان پەیوەستن بە بەشی ئاگایی(هەست)، لەو کاتەی مرۆڤ هوشیار و بەئاگایە و ((مێشکی بە ئاگا ئەو بەشەیە مرۆڤ بەوپەڕی ئاگاییەوە کاروکردەوەکانی جێبەجێ دەکات و ڕاستەوخۆ بڕیاردەدات))، (حوسێن، ٢٠١٠، ٦٥٩)، واتا لە دەلالەتی هزری نوسەر و

شاعیر بەئاگاییەوە کارەکانیان دەکەن و خەون بەکاردەهێنن، شاعیر لەشیعری هاوچەرخدا، کە خەونی بەکارهێناوە زۆرجار بەئاگاییەوە بەکاری هێناوە، ئەمەش هۆکارێکی لەپشت بووە، کە پەنای بۆ بەکارهێنانی خەون بردووە، وەک تەکنیکێک بەئاگاییەوە بۆ خۆ رزگارکردن لە سەرزەنشت و لۆمەی خەڵکی، یاخود بابەتێکی تابۆ و قەدەغەکراوی بەکارهێناوە رێگەپێدراو نەبووە لەکۆمەڵگە، بەهۆی بەکارهێنانی ئەم دیاردە و زاراوەی خەونەوە خۆی رزگارکردووە، ئەگەر نموونەیەک بۆ دەلالەتی هزری (ئاگایی) بهێنینەوە، شاعیر (سەباح رەنجدەر)، دەڵێت:

خەونبینین هاوتای جانتای گەشت و خۆشبەختییە
خەون ئەی کراسی بۆنخۆشی
یەکەمین رۆژی چوونە قوتابخانە

(رەنجدەر، ٢٠١٨، ٥٣)

شاعیر بەئاگاییەوە لەم شیعرەدا خەونی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا نەیتوانیوە بەئازادی باسی ئەو بابەتە بکات و بیروبۆچوونی خۆی دەرببرێت، بۆیە پەنای بردۆتە بەر خەون، ((لای فرۆید ئەگەر خەون رووداوێ بێت مرۆڤ لەکاتی نووستندا (نائاگایی) ڕوودەدات. ئەوا دەقی ئەدەبی خەونێکە لەکاتی بێداریدا (ئاگایی)دا ڕوودەدات و دەنووسرێت))، (عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ٢٦)، هیچ دەقێک نیە، کە ئاگایی و هزری تێدا نەبێت، کەواتە دەقی ئەدەبیش تەواوکەری خەونە لەئاگایدا و دەربڕی نەست و دەروونی نووسەرە، بۆیە بەکارهێنانی خەون لەدەقی شیعریدا زۆرجار لەلایەن شاعیرەوە بەئاگایی بەکاردێت.

**٢. ٢. ٣. دەلالەتی هونەری خەون لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا:**

مەبەست لە دەلالەتی هونەری چییە؟ شاعیران لەشیعرەکانیاندا جگە لەوەی ویستویانە پەیامێک بگەیەنن لەهەمان کاتدا جوانی و ئیستاتیکاشیان دەرخستووە لەدەقەکانیاندا، بۆئەوەی سەرنجی خوێنەر رابکێشێت. بێگومان بەکارهێنانی تەکنیکی خەون هۆکارێکی دیکەیە، کە جوانی بە دەقە شیعرییەکە دەبەخشێت، شیعری هاوچەرخیش لەو لایەنە بێبەش نەبووە و شاعیران گرنگیەکی زۆرییان بە بەکارهێنانی چەمکی خەون داوە لەدەقە شیعرییەکانیاندا

ئەو دەلالەتە هونەریەی خەون و ئەو جوانکارییەی خەون بە دەقە شیعرییەکەی دەبەخشێت وایکردووە دەقەکەی بەتام چێژ و بۆن و بەرامەی تایبەتی دەبەخشێت و خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، وایکردووە هونەرێکی باڵادەست لەبازاری ئەدەبدا نمایش بکات، بەمشێوەیە (کەژاڵ ئەحمەد) لە شیعری "هەر یەکجار بۆم هەیە" دەڵێت:

بەداخەوە
یەکجار بۆم هەیە کچێنی ببەخشم
دەنا لەڕۆژێکا سەدجار
دەبووم بە ژنی قەسیدە و
دیسان دەشبوومەوە بە کچ
کچی هەموو خەونەکانت
(ئەحمەد، ٢٠٠٦، ٤٣٣)

شاعیر هەوڵیداوە شێوازێکی هونەری بەرز و جوان لەو شیعرەدا بخاتەڕوو لەرێگەی خەون و تەکنیکی خەونەوە، شاعیر شانازی بە شیعرەکانی خۆی دەکات و جوانکاری ئەم شیعرە لەوەدایە دیاریەک دەبەخشێت، کە باشترین و بەنرخترین دیاری شاعیرە وەک ئافرەتێک، کە (کچێنی) شاعیرە هەروەها وشەی (خەونەکانت)، کە کۆتا وشە ئەو کۆپلە شیعرەیە دەقەکە قفڵ دەکات و باڵا دەستی و بلیمەتی شاعیر لەدەوری وشەی (خەونەکانت) کۆدەبێتەوە، شاعیر کچێنی خۆی نەک

یەکجار، بەڵکو ڕۆژێ سەدجار کچێنی خۆی پێشکەش دەکات وشەی (خەونەکانت) بەتەواوی ڕوونی کردۆتەوە شیعرەکە خەون ئامێزە و شاعیر شانازی بەبوونی شیعر و کچێنی خۆیەوە دەکات و چەمکی خەونی تەنیا بۆ دەلالەتی هونەری و ئیستاتیکی بەکارهێناوە.

### ٢. ٢. ٤. دەلالەتی دەروونی خەون لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا:

مەبەست لە دەلالەتی دەروونی چییە؟ واتا لایەنی نائاگایی (نەست)ی مرۆڤ دەگرێتەوە، فرۆید دەروونی مرۆڤی دابەش کردووە بۆ سێ بەش، دەلالەتی دەروونی پەیوەستە بە یەکێک لەو بەشانە ئەویش بەشی نەستە، لەشیعری شاعیرانی هاوچەرخدا زۆرجار بەکارهێنانی چەمکی خەون بۆ دەلالەتی دەروونی بووە، نالەباری و پەشێواوی دەروونی شاعیرانی کورد لەشیعرەکانیاندا زۆر بە ڕوونی دیاربووە و ڕەنگی داوەتەوە، ئەم گرێ دەروونیانەی ناخی خۆیان لەشیعرەکانیاندا دەربڕیوە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی خەونەوە، ئینجا ئەم گرێ دەرونییانە و پەشێویە دەروونیە بەهۆی هەر هۆکارێک بێت لەم ژیانە شکستیان هێناوە یان حەز و ئارەزوویەک لەدەروونیان چەپێندراوە.

فرۆید پێی وایە مرۆڤ ئەو حەز و ئارەزووانەی لەژیانی واقیعی پێی ناگەن و لەناخیان دەچەپێندرێ لەڕێگەی خەونەوە ئەو حەز و ئارەزووانە تێر دەکرێن، شاعیرانیش بەهۆی ئەوەی هەندێ بابەت و ئارەزوو هەیە تەنانەت لەناو شیعریش ڕێگە پێدراو نییە، بەڵام خەون هۆکار و ڕێگەیەکە دەتوانن بەهۆیەوە ئارەزوەکانیان جێبەجێ بکەن و دەروونی خۆیان خاڵی بکەنەوە، خەون ڕێگەیەکی سەرەکیە بۆ گەیشتن بە نەستی مرۆڤ و ئاشکراکردنی حەزەکانی، شاعیریش بەردەوام بەدنیای خەون و خەیاڵدا هاتوچۆ دەکات و خەون بەدنیایەکی ئازاد دەبینێت، بەم شێوەیە (دڵشاد عەبدوڵڵا) لەشیعری "سەفەری ڕەش"دا دەڵێت:

سالآنێک پێش ئێستا، خەونم بە ئەورووپاوە دەبینی
بەسەر پشتی پاپۆڕەوە
لەیۆنانەوە دەپەڕیمەوە
کەشتیوانێکی جەربزە، بەرەو باکوور لێی دەخوڕی
لەئێرلەنداوە دەگەیشتمە ئەمریکا
(عەبدوڵڵا، ٢٠١٤، ٧٨)

لەم شیعرەدا دەردەکەوێت شاعیر حەزی بەسەفەرکردنە و ئەو حەز و ئارەزووەی لەناخیدا چەپێندراوە، بۆیە لەڕێگەی خەونەوە لەشیعردا دەریدەبڕێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی (ئەو ID) داوای سەفەرکردن و حەز و ئارەزوویێک دەکات، بۆیە (منی باڵا) لەبەرامبەری دەوەستێتەوە، کە ئەو حەز و ئارەزووە گونجاو نەبووە بۆ جێبەجێکردن یاخود بە هەر هۆکارێکی دیکە ئەو کاتە گونجاو نەبووە بۆ سەفەر، بۆیە (من) هاوسەنگیەک لەنێوانیان دەکات و هەوڵدەدات ئەو حەز و ئارەزووە لەڕێگەی میکانیزمێکی بەرگری بەجێ بگەیەنێ، ئەو میکانیزمەی شاعیریش بەکاریهێناوە خەون بووە.

یاخود حەز و ئارەزوو یان بابەتی دیکە هەیە، کە قەدەغە تابۆیە لەکۆمەڵگا و ڕێگەپێدراو نییە، یاخود شاعیریش ناتوانێت بەئاسانی و لەدەقی شیعریدا باسی بکات، چونکە لۆمە و سەرزەنشت دەکرێت لەسەری، بەڵام کاتێک زاراوەی خەون بەکاردەهێنێت هیچ شتێک ڕێگر نابێت لەبەردەمیدا، چونکە ئەمە خەونە، خەونیش هیچی لەسەر نیە، کەواتە لەڕێگەی خەونەوە شاعیر توانی نەستی خۆی تێربکات.

### ٢. ٢. ٥. میکانیزمی بەرگری دەروونی خەون لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا:

شاعیران بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی خەون چەند هۆکارێکیان هەیە، یەکێک لەو هۆکارانەش بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی دەروونی و نالەباری و شلەژاوی دەروونی بووە، لەبەرئەوەی شاعیرانی کورد نەیانتوانیوە ئەوەی لە دڵ و دەروونیانە بەئازادی باسی بکەن و دەریببڕن هەرچەندە شیعر و ئەدەبیاتیشە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتان ناتوانن باسی هەموو بابەتێک بکەن، بۆیە لێرەدا ڕێگە و میکانیزمێک دێتە پێشەوە بۆ پارێزگاری کردن لەدەروون و بەدیهێنانی ئارەزووەکان ئەویش

خەونە، چونكە خەون جیهانێكی ئازادە و فراوانە و هیچ یاسا و ڕێسایەک نیە، بۆیە شاعیران ئەوەی لە دڵ و دەروونیان هەبووە دەریانبڕیووە لەرێگەی خەونەوە، وەكو شاعیر (دلاوەر قەرەداغی) لەشیعری "هەزار خەون و خەونێک"دا دەڵێت:


خەون دەبینم بەكرانەوەی پەنجەرەی ترەوە
خەون بەسەفەر بۆ جێگەی تر
بۆ دۆزینەوەی سەرزەمینی تازەوە بۆ ژیان
بۆ سەوڵ لێدان لەڕووباری نوێدا
بەهەڵمژینی هەوای پاكتر
(قەرەداغی، ٢٠١٣، ٢٢٤)

شاعیر بەهۆی ئەوەی بەو ئاوات و ئارەزووەی نەگەیشتووە لەواقیعدا، كە سەفەركردنە ئەوا هەوڵدەدات بەجۆرێكی دیكە میكانیزمێک بەكاربێنێت، بۆئەوەی ئەو حەز و ئارەزووانەی چەپێندراون لەنەستیدا تێربكات، بۆیە شاعیرانی كوردیش پەنایان بردووە بۆ میكانیزمی بەرگری دەروونی خەون، كە حەز و ئارەزووەكانیان تێردەكات، كە ناتوانن لەواقیعدا پێی بگەن، بۆیە دلاوەر قەرەداغیش، كە خەونی بەوە بینیوە سەفەر بكات بۆ شوێنێک كە دووربێت لەشەڕ و ئاژاوە و خراپەكاری و بەدوای ئەوەیە سەفەر بكات بۆ شوێنێكی ئارام و دوور لەهەموو خراپەكاریەک.
وشەكانی (خەون دەبینم، خەون، سەرزەمینی تازە...هتد) لەشیعرەكەدا بەتەواوی ئاماژەیان بۆ جیهانی نائاگایی (نەست) كردووە، شاعیر دەیەوێت زەمین و گەردوونێكی تازەی بێ كێشە و ئارام بدۆزێتەوە، كە خەم و نارەحەتییەكانی خۆی لەبیربكات و ئارامی دەروون بەدەستبهێنێت، بێگومان حەز و ئارەزوەكانی شاعیر لەواقیعدا ئەنجام نەدراون، بۆیە لەناو نەستی شاعیردا دەمێننەوە و لەسەر یەكتر كەڵەكە دەبن و پاڵەپەستۆ و فشار دروست دەكەن تا لە كۆتایدا لە خەونێكدا دەتەقێتەوە و بەئازادی بەبێ بوونی هیچ بەربەستێک خۆیان نیشان دەدەن.

## ٣. شیكردنەوەی خەون لەشیعرەكانی (لەتیف هەڵمەت)دا لەڕوانگەی ڕەخنەی دەروونییەوە:

### ٣. ١. ١. ڕەنگدانەوەی جۆرەكانی خەون لەشیعرە خەونییەكانی لەتیف هەڵمەتدا:

مرۆڤەكان لەژیانیاندا خەونی جۆراوجۆر دەبینن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی ژیان و سروشت و ژینگەی ژیان و كەسانی دەروبەر و ئەو ڕووداوانەی بەسەریاندادێت و كاردانەوەیان بۆ شتەكان چییە، ئەمانە هەموو كاریگەری لەسەر دەروون و دروستبوونی جۆری خەونەكان دروست دەكات و لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دی دەگۆڕێت، خەون دەرخەری دەروونی مرۆڤە و شتە شاراوەكانی نەستی مرۆڤ نیشان دەدات، بۆیە لەدەقی شیعریشدا ڕەنگدانەوەی دەبێت و شاعیران بەكاریدەهێنن، جۆرەكانی خەون لەڕووی دەروونیەوە بەسەر چەند بەشێكمان دابەش كردووە، ئەوانیش:




هێلكاری (٣. ١)
جۆرەكانی خەون

### ٣. ١. ٢. خەونی نۆستالژیا و گەڕانەوە:

نۆستالژیا ئەو دیاردەیەیە، كە مرۆڤ هەست بە غەریبی و خەم خواردن دەكات بۆ شتێک، كە لەڕابردوودا هەبووە یان لەداهاتوودا، نۆستالژیا دابەش دەبێت بۆ نۆستالژیای تاک و گشتی، ئەمانەش هەریەكە دابەش دەبن بەسەر چەند لق و بەشی جیاوازدا، وەكو حەسرەت و غەریبی سەردەمی منداڵی و گەنجی یان بۆ داهاتوو یان بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتیمان

یان دروستکردنی شارێکی نموونەیی، بەهۆیی نەگونجان لەگەڵ سەردەم و کاتی ئێستا و هەستی غەریبی و دووربوون لەوڵاتی دایک ئەم هەستە لای مرۆڤ دروست دەبێت.

- خەونی نۆستالژیا و گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی لەشیعرەکانی "لەتیف هەڵمەت"دا:

سەردەمی منداڵی، سەردەمی پاکیزەیی و جوانی و دڵ پاکییە، بەزۆری سەردەمی منداڵی واتا خۆشی و بێخەمی لەکێشەکان، لەزۆربەی شیعری شاعیراندا نۆستالژیا و خەم خواردن بۆ سەردەمی منداڵی هەستی پێدەکرێت، مرۆڤ بەهۆی گەورە بوون و خەم خواردن و نارەحەتی لەژیان، هەستی نۆستالژیای بۆ دروست دەبێت، لەئەنجامی ئەوەی دنیایەکە پڕ لە خەم و خەفەت و نارەحەتییە، مرۆڤ حەز دەکات لەو بارودۆخەی ئێستا، کە تێیدایە و ئەو پەستانەی لەسەریەتی لێی ڕابکات و بگەڕێتەوە بۆ سەردەی منداڵی.

شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتیش بەدەر نییە لەم لایەنە، لەزۆربەی شیعرەکانیدا خەونی بە منداڵی و گەڕانەوە بۆ زەمەنی خۆشی بینیوە، لەلای لەتیف هەڵمەت منداڵی سەردەم و کاتێکی زۆر جوان بووە و هەرگیز لەبیری ناچێتەوە، کە لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەر بووە، بۆیە هیوا دەخوازێ بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێتەوە و هەمیشە خەون بە سەردەمی منداڵی دەبینێت، بەهۆی پەستان و زۆری کێشە و گیروگرفتەکان خەیاڵی منداڵی دەکەین، یاخود ناڕازین لەسەردەمی ئێستا، هەر لەبیری ئەو سەردەمە داین، بۆیە شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:

نازانم رابوردو بوو
یا داهاتوو
دەستی گرتم
ئیتر منداڵ بوومەوە
(هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٤١٧)

گەڕانەوە بۆ منداڵی تەنیا لەڕێگەی خەونەوە ئەنجام دەدرێ، بیرۆکەکانی خەون لەڕێگەی کۆد و ڕەمزەکان دەردەبڕێت، کە لەم شیعرەدا کۆدەکان بریتین لە: (ڕابردوو، داهاتوو، منداڵ بوونەوە) ئاماژەن بۆ نۆستالژیا، چونکە ((نۆستالژیا هەمیشە لەگەڵ دوو کاتدا هەڵدەکات، یان ئەوەتا گەڕانەوەیە بۆ ڕابردووی کۆن و بەسەرچوو، یان هەنگاونانە بۆ داهاتوویەکی نموونەیی و ئاییندەیەکی گریمانەکراو))، (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٣٤)، کەواتە لەڕێگەی خەون دەتوانین بچینە زەمەن و کاتێکی تر، ئەمەش بەهۆی ناڕازی بوون لەم دەوروبەر و کاتە ڕوودەدات، شاعیریش ناڕازییە لەم کاتەی ئێستا، بۆیە گەشتی کردووە بۆ کاتێکی دیکە، دیارە تەمەنی منداڵی تەمەنێکی سادەیە و هەستی کردووە لەو کاتەدا ئەو شەکەتیە و بێزارییەی نامێنێت، بۆیە گەڕاوەتەوە تەمەنی منداڵی، وەکو لەدێری دووەمدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

دەستی گرتم
ئیتر منداڵ بوومەوە

هەر ئەم دێرە خۆی ئاماژەیە بۆ خەون، چونکە کەس ناتوانێت بگەڕێتەوە تەمەنی منداڵی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی کۆدەکانی خەون ئاماژەی بە خەون کردووە، فرۆید پێی وایە لەڕێگەی کۆد و هێماکانی خەون لایەنی دەروونی مرۆڤمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە لەتیف هەڵمەت باسی تەمەنی منداڵی خۆی دەکات و دەڵێت: ((لەماڵێکی ئاینپەروەری تێکۆشەری ڕۆشنبیردا و لەناو کتێب و وشەی جواندا لەدایکبووم))، (خدر، ٢٠١٨، ٨٥)، لەبەرئەوەی هەر لە منداڵیەوە لەناو دنیای کتێب و ڕۆشنبیری بووە، بۆیە شاعیر دەیەوێت بگەڕێتەوە تەمەنی منداڵی، باوکی لەتیف کەسێکی ڕۆشنبیر بووە، کە لە ماڵەکەیدا کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە، بۆیە دنیایەکی جوانی بۆ خوڵقاوە لەمنداڵیدا، بۆیە هەمیشە بەهیوای گەڕانەوەیە بۆ ئەو کاتانە.

لەشیعرێکی دیکەدا شاعیر ئەوە دەردەخات، کە تەنیا مرۆڤ خۆزگە بۆ ڕابردوو ناخوازێت، بەڵکو گیاندار و بێگیانیش بەهەمان شێوەی مرۆڤ باسی منداڵی خۆیان دەکەن و خەونی پێوە دەبینن، هیوای گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی دەخوازن، لەمبارەیەوە شاعیر دەڵێت:

لەدەریادا گەر گوێ هەڵخەی
گوێت لە دەنگی تاشەبەردی کەنارە
باسی منداڵێتی خۆی و
سەرگوزەشتەی نەهەنگ و تۆڕ
دەگێڕێتەوە بۆ خۆر
(هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٤١٧)

بەشێوەیەکی گشتی شاعیر لەم شیعرەدا باسی ئەو قسە و گفتوگۆیانەی لەنێوان گیانداران ڕوودەدات دەیخاتەڕوو، ئەمە خۆی خەونە، چونکە گیاندار ناتوانێت قسە بکات و باسی منداڵی خۆی بکات، ئەگەر گیانداران لەنێوان خۆشیان قسە بکەن و لەیەکدی بگەن، مرۆڤ ناتوانێت لێیان تێبگات، وەکو لەم دێرەدا دەڵێت:

لەدەریادا گەر گوێ هەڵخەی
گوێت لە دەنگی تاشەبەردی کەنارە

تاشەبەردێک باسی منداڵی خۆی دەکات، کە چۆن بووە و چی ڕوویداوە، ئەوەندە شتی سەیری بینیوە لەدەریادا، هەر کەسێک بچێتە لای کۆمەڵە چیرۆکێکی بۆ دەگێڕێتەوە، جا چیرۆکی خۆی بێت یان ئەوانی تر، تاشەبەردیش وەکو مرۆڤ تەمەنی منداڵی هەبووە، لێرەدا جۆرە جوانکاری و لێکچوونێکی جوانی بەکارهێناوە شاعیر، کە باسی چیرۆکی خۆی دەکات، وەکو دایەلۆگێکە لەنێوان تاشەبەرد و خۆر ڕوودەدات و بەم شێوەیە دەڵێت:

باسی منداڵێتی خۆی و
سەرگوزەشتەی نەهەنگ و تۆڕ
دەگێڕێتەوە بۆ خۆر

لێرەدا بەتەواوی دەرکەوتووە، کە خەونە، چونکە تاشەبەرد و بێگیان ناتوانن قسەبکەن، تاشەبەرد ئەوەی لەمنداڵیدا بینیویەتی لە یادگەیدا ماوەتەوە و لەبیری نەکردووە، بەهەمان شێوە مرۆڤیش هەرگیز منداڵی خۆی لەبیرناکات، مرۆڤ هەمیشە حەز دەکات باس لە تەمەنی منداڵی خۆی بکات، چونکە هەموو شتەکانی ئەو تەمەنە بۆتە یادگاری و نەماوە، بۆیە، کە باسی ئەو شتانە دەکەین ئاسودەیش بە ڕۆح دەدات، هەروەها شاعیر لە دەروونی خۆیدا ڕاوکردنی نەهەنگ و ماسی و گیانەوەرە ئاوییەکانی لەلا ناخۆش بووە، بۆیە ویستوویەتی لەسەر زمانی تاشەبەرد ئەوە دەرببڕێت و ئەو ڕاوکردنە و لەناوبردنی ژیانی ماسی و گیانلەبەرانی دیکە نەهێڵێت، هەرچۆنێک بێت تەمەنی منداڵی خۆشترە، ئەگەر کێشە و ئازاری زۆریشی تێدابوو بێت، چونکە لەو تەمەنەدا هیوامان زۆر بوو، بەڵام هەرچەندی تەمەنمان زیاتر بێت کێشەمان زیاتر دەبێت.

### ٣. ١. ٣. خەونی قەرەبووکردنەوە:

مرۆڤ زۆرجار لەژیانیدا تووشی شکست دەبێت یان دۆڕان لەشتێکدا یاخود کەموکورتی و نەقسی لەلایەنی جەستەیی و دەروونی هەیە، کە دڵگرانی کردووە و وایکردووە ئەو کەسە هەستی خۆ بەکەمزانین و هەست بە کەمیکردنی لەلا دروست بێت، ئەم هەستەش هەروا بەردەوام نابێت، چونکە مرۆڤەکان بەرگەی ئەو خۆبەکەمزانینە ناگرن، بۆیە هەوڵدەدەن ڕێگەیەک بدۆزنەوە و خۆیان لەو گێژاوی هەست بە کەمی کردنە دەربێنن پێش ئەوەی غەرقی ئەو دەریا قوڵە ببن و خۆیان ون بکەن و لەناوبچن، هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدەن لەڕێگەی میکانیزمی بەرگری دەروونی، یەکێک لەو میکانیزمانە قەرەبووکردنەوەیە، ئینجا ئەو قەرەبووکردنەوەیە لەڕێگەی خەون بێت یان داهێنان و بەرهەمی ئەدەبی بێت شاعیران و نوسەران زۆرجار بەرهەمەکانیان لەقاڵبی خەوندا دەردەبڕن بۆ قەرەبووکردنەوەی لایەنە کەموکورتیەکانیان و پڕکردنەوەی نەقسەکانیان.

- **خەونی قەرەبووکردنەوە لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا:**

هەموو کەسێک لەڕووی دەروونی یان جەستەیی هەست بە کەموکورتی و لاوازی خۆی دەکات، لەتیف هەڵمەتیش

لەشیعرەکانیدا ئەم هەستی خۆ بە کەمزانینەی بەئاشکرا دەرخستووە، شاعیر لەڕووی جەستەییەوە لاواز بووە، بۆیە هەمیشە لەڕووی جەستەییەوە خۆی بەدڵ نەبووە و هەستی بە کەمیکردووە، هەروەها شاعیر خۆشەویستیەکی بێپایانی هەیە بۆ دایکی و لەلای پیرۆزبووە، کاتێک دایکی لەدەستداوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەروونی دروستکردووە و تووشی خەمۆکی کردووە، ئەمەش لەشیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بۆیە شاعیر ویستوویەتی لەرێگەی خەونبینین و داهێنانی شیعرەوە ئەم لایەنە کەموکورتیانەی قەرەبووبکاتەوە و لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەی کچە هەورەکە

تۆ دایکم نیت و

من ڕێز و بایەخی ئەندازەی پیرۆزی دایکمت

دەدەمێ...

(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٧٥)

شاعیر لەم شیعرەدا باسی بێ دایکی و تەنیایی و بێکەسی خۆی دەکات، دایکی لەلای بایەخ و گرنگی و ڕێزێکی زۆری هەبووە، کە دایکی لەدەستداوە شاعیر زۆر پێی کاریگەر بووە بەشێوەیەک تا کۆتایی تەمەنی لەبیری ناکات و کاریگەری لەسەری دەمێنێتەوە، بۆیە شاعیر دەیەوێت لەو تەنیایی و بێکەسیە و ئازاری لەدەستدانی دایکی رزگاری بێت، ئەویش بەبوونی کەسێکی تر پڕی بکاتەوە، بەخۆشویستنی کچێک و بەخشینی خۆشەویستی خۆی بەو کچە وادەکات ئەو کچە قەرەبووی بێ دایکی بۆ بکاتەوە و ئەو پیرۆزیەی دایکی لەو کچەدا ببینێتەوە، ئەم شیعرە لەقاڵبی خەوندا خراوەتەڕوو کچێکی وەکو هەور یان هەورێک بۆتە کچ، بۆئەوەی لایەنی کەموکورتی و نەبوونی دایکی بۆ پڕ بکاتەوە، وەکو لەم دێرەدا ئاماژەی پێدەکات:

من ڕێز و بایەخی ئەندازەی پیرۆزی دایکمت

دەدەمێ...

شاعیر ڕێگەیەکی دۆزیوەتەوە بۆ پڕکردنەوەی لایەنە کەموکورتیەکەی بە دانانی خۆشەویستەکەی لەجێی دایکی، بەمەش توانیویەتی دڵ و دەروونی ئارام بکاتەوە و لەو نیگەرانی و دڵتەنگییە ڕزگاری ببێت، هەروەکو لەو دێرە شیعرەدا ئاماژەی پێکردووە، لەقاڵبی خەوندا ناخ و دەروونی خۆی دەربڕیوە، شاعیر مردنی دایکی و ئەو بێکەسی تەنیاییە زۆر کاریگەری لەسەر شاعیر دروست کردووە، بۆیە بەدوای کەسێک گەڕاوە تا ئەو تەنیایەی پڕ بکاتەوە.

شاعیر دەیەوێت لەو تەنیایەی تووشی بووە ڕابکات و ئەو لەو دڵتەنگییە ڕزگاری ببێت، کە تووشی خەمۆکی کردووە بەهۆی مردن و نەمانی دایکی، بۆیە دەیەوێت کەسێک هەبێت شوێنی دایکی بگرێتەوە، بۆئەوەی ئەو دڵتەنگی و تەنیایە لەبیربکات.

### ٣. ١. ٤. خەونی نێرجسی (Narcissism):

ئەمەش دیاردەیەکی دەروونییە، کە بریتیە لە خود ویستن و حەزکردن بە باڵادەستبوون و گەیشتن بە لوتکە، شەیدابوونە بەخودی خۆی و تاک موعجیب دەبێت بەخۆی لەئیش و کار و بەهرەکانی، زۆرجار ئەم حاڵەتە دەروونییە زیادەڕۆیی تێدادەکرێت و تاک لەخۆشویستن و شەیدابوون بەخۆی نقووم دەبێت، ئەم حاڵەتە دەروونیە لەناو ئەدەبیشدا بوونی هەیە و ڕەنگدانەوەی دەبێت، بەڵام، کە ئەم زاراوەیە لەناو ئەدەبدا بەکاردێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ڕەهەندی دیکە وەردەگرێت، بەوەی شاعیر و نوسەر هەڵدەستێت بەباس کردن لەخودی خۆی و شانازی بەکارەکانیەوە دەکات لەدەروونی خۆی دەدوێت، کەواتە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لایەنی نەرگسیەتی تێدایە و مایەی سەرنجی خوێنەرانە.

#### - خەونی نێرگسی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا:

هەموو مرۆڤێک حەزێکی خۆشویستنی بۆ خودی خۆی هەیە و خۆی بەباڵا دەبینێت، بەڵام لەشیعردا جیاوازە شاعیر زیاتر باسی خۆی و بەهرە و تواناکانی دەکات، لەتیف هەڵمەتیش یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر گرنگی بەخۆی و تواناکانی داوە و هەمیشە ئاماژەی بەوە کردووە لەشیعرەکانیدا، لەتیف هەڵمەت ئاماژە بەوە دەکات مرۆڤ ئەگەر گرنگی بەخۆی نەدات و شانازی بەخۆی نەکات، ئەوا گرنگی بەکەس نادات، ئەگەر خودی خۆی خۆشنەوێت ئەوا کەسی خۆشناوێت،

کەواتە مرۆڤ کە خۆی خۆشویست ئەوا کەسانی دەوروبەریشی لەلا ئازیز و خۆشەویست دەبێت، هەروەکو لەم شیعرەدا دەڵێت:

من دەتوانم
هەموو شینایی ئاسمان
دڵۆپ دڵۆپ بلێسمەوە بە زمانم
درێژترین هۆنراوەی پێ بینووسم بۆ:
نیشتیمانم
من دەتوانم
ڕووناکی گشت خۆرەکان
بدزم و بیکەم بەقژێ درێژ بۆ:
دەزگیرانم
من دەتوانم
وشەی هەموو فەرهەنگەکان
بدزم و بیشارمەوە
لەناو قوڵپی خوێنی گیانم
(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٨٣)

ئەگەر شیعرەکە بخوێنینەوە بەبێ ورد بوونەوە هەستی شانازیکردن بەتوانا و بەهرەی خودی شاعیر بەخۆی دەردەکەوێت، دەتوانێت لەپێناو نیشتیمانەکەی هەموو شینایی ئاسمان بکات بە مەرەکەب و شیعر بۆ نیشتیمانەکەی بنووسێت لێرەدا توانای خۆی بۆ شیعر نوسین دەردەخات، شاعیر لەدێڕی چوارەم و پێنجەمدا ڕووناکی ئاسمان دەدزێت دەیکات بەقژی درێژ بۆ دەزگیرانی و شانازی بە توانا و دەستڕەنگینی خۆی دەکات، هەروەها لەدوو دێڕی کۆتایی هەموو وشەی ناو فەرهەنگەکان لەناو خوێن و گیانی شاعیردا گیرساونەتەوە لەشیعرەکاندا ئازادانە دێنە ناو شیعرەکان و بەرهەمەکان ڕازاوەتر دەکەن و ئەمەش لایەنی خودویستن و نێرجسی شاعیر دەردەکەوێت.

شاعیر شیعرەکەی لە قاڵبی خەوندا دەربڕیوە و باسی خۆی کردووە و شانازی بەخۆیەوە کردووە، توانا و بەهرەیەکی بەخۆی بەخشیوە، کە لەواقیع و جیهانی ڕاستیدا بوونی نییە، تەنیا لەخەون و خەیاڵدا بوونی هەیە، شاعیر ئەوەندە شەیدای خودی خۆی و توانا و بەهرەکانی بووە، کە هەموو شتێکی لەتوانای خۆیدا بینیوە.

شاعیر لەشیعرێکی دیکەدا بەناونیشانی (دابەشکردن) باسی توانا و بەهرەکانی خۆی دەکات، کە لە کەسی تردا نییە، شانازی بە خودی خۆی و تواناکانی دەکات و خۆی بەباشتر دەزانێت لەوانیدیکە، کۆمەڵە توانایەکی دراوەتە پاڵ خۆی، کە لەواقیعدا بوونیان نییە، تەنها لەجیهانی خەوندا ئەو شتانە بوونی دەبێت، لەمبارەیەوە دەڵێت:

گەر بمەوێ ئەم زەویە
لەناو چنگما
پاک پاک دەکەم و وەک پرتەقاڵ
کووز کووز لووز لووز
بەشی دەکەم
لەخۆم و هەندێ منداڵ
گەر بمەوێ ئەم زەوییە
لەدەستمدا دەکەم بە تۆپ
ئاسمان! ئەو توورەیەی

هەزاران خۆری ئاگر
مەلە دەکەن لەناخیدا شڵپ و شۆپ
دەکوژێنمەوە وەک گلۆپ
گەر بمەوێ هەرچی ئاوی گێتی هەیە
دەیکەم بە تەم دڵۆپ دڵۆپ
(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٨٦-٣٨٧)

شاعیر لەم شیعرەدا بەڕادەیەک شانازی بەخۆی دەکات، بەو جۆرە خۆی دەبینێت، کە زەوی و ئاسمان لەژێر دەستی ئەودایە و ئەو دەیانجولێنێت، بەشێوەیەک شاعیر شەیدای خۆی و تواناکانیەتی، کە ئەگەر بیەوێت دەتوانێت ئەم زەویە لەناو دەستەکانی پاک بکات وەکو پرتەقاڵ یان دەیکات بە تۆپ یان خۆری ئاسمان دەکوژێنێتەوە، شاعیر ئەوەندە خۆی بەتوانا و بەدەسەڵات بینیوە، کە توانیویەتی ئەم کارانە بکات، بێگومان لەشیعردا شاعیر ئەم توانایەی هەیە و دەتوانێت بەدڵی خۆی دەسکاری زەوی و ئاسمان بکات و سەرزەنشتیش ناکرێت، چونکە ئەوە شیعرە بەیاسا و ڕێسا نابەسترێتەوە. گەر شاعیر بیەوێت هەموو کارێک ئەنجام دەدات و توانای هەیە، وەکو لەم شیعرەدا ئاماژەی پێدەکات، هەرچەندە ئەم شیعرە لەقالبی خەوندا خراوەتەڕوو، بە ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵکو لەرێگەی چەند دێڕێکەوە دەردەکەوێت، کە دەڵێت زەوی وەکو پرتەقاڵ پاک دەکات یان خۆری ئاسمان دەکوژێنێتەوە، ئەو شتانە هەرگیز لەواقیعدا بوونیان نییە و نابێت، تەنیا لە دونیای خەون و خەیاڵدا ڕوودەدات، ئەم دونیایە بەهۆی زەوی و ئاسمانەوە ڕاوەستاوە، بەڵام شاعیر لەناو دەستەکانی یاری پێدەکات و لەناوی دەبات و وێرانی دەکات ئەگەر بیەوێت یان نا.

### ٣. ١. ٥. خەونی سادی (Sadism):

ئەمە حاڵەتێکی دەروونیە و مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام ئەم دیاردە دەروونیانە بەتەواوی دیارنییە، کە مێژوویان بۆ کەی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو دیاردە دەروونیانە هەر لەکۆنەوە هەبوونە دواتر بەشێوەی زانستی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە و باسکراون، سادیزم بریتیە لە حەزی ئازاردان و توند و تیژی بەرامبەر کەسی بەرامبەر و ڕەگەزی بەرامبەر چێژ وەردەگرێت، سەرەتا ئەم زاراوەیە تەنیا لەبواری کردەی سێکسی بەکاردەهات، بەڵام دواتر فراوان بوو و بواری تریشی گرتۆتەوە، کەسی سادی چێژوەردەگرێت لەتوندوتیژی کردن بەرامبەر کەسانی دی، بەڵام ئەو کردارە لەکۆمەڵگەدا ڕێگەپێدراو نییە و تووشی سزا دەبێتەوە، بۆیە لەخەونەکانیاندا ئەو حەز و خولیایەیان جێبەجێ دەبێت، ئەم حەز و ئارەزووەی هەیانە و ئەو دیاردە دەروونیانەش لە دەق و بەرهەمە ئەدەبیەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

#### - خەونی سادی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا:

ئەم شاعیرەش هەستی ئازاردان و ستەم کردن لەکەسانی دی هەبووە، ئەمەش لەشیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە و لەبەشێک لەشیعرەکانیدا بەڕوونی دیارە، ئەم دیاردە دەروونیە لای هەموو کەسێک بوونی هەیە، بەڵام بەرێژەی جیاواز و دەگۆڕێت، شاعیریش لەم حاڵەتە دەروونیە بێبەش نییە و شاعیر چێژ لەو ئازاردانە وەردەگرێت و دەروونی ئاسوودە و ئارام دەبێتەوە، شاعیریش میکانیزمێکی بەرگری دەروونی بەکارهێناوە و لەو قالبی خەوندا دەریبڕیوە، بەبێ ئەوەی سەرزەنشت بکرێت لەسەر ئەو حاڵەت و دیاردە دەروونیەی هەیەتی، لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەستێرە بەدبەختە
ددانی نییە
پشکۆی ناوکی کچان بکرۆژێ و
گلۆڵەی لەزەتی مەمکی کچان
ونجڕ ونجڕ بکات
(هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٠٩٨)

شاعیر ئەو هەست و حەزە سادیزمەی خۆی دەردەبڕێت و ئەو حەزە سادیەی خۆی دەبەخشێت بە ئەستێرە و ئەو حەز و ئارەزووەی خۆی لەرێگەی ئەستێرەوە جێبەجێ دەکات، لێرەدا لەرێگەی وشەکانی (کرۆشتن، ونجر ونجر کردن)دا حاڵەتی تێکشان و لەناوبردن و توندوتیژیە و ئەوپەڕی سادیزم و ئەو حاڵەتە دەروونیە، ئەمەش شاعیر دەکرێ بەهۆکارێک ڕقی لەکچ ببێتەوە، بۆیە حەز دەکات کچان لەناو ببات و ئارەزوو دەکات ئازاریان بدات، بۆیە لەم شیعرە خەونیەدا توانیویەتی بەئازادی بیروڕا و حەز و ئارەزووەکانی خۆی باس بکات لەرێگەی قالبی خەونەوە.

شاعیر هۆکارێکی هەبووە، کە ئەوەندە حەزی بە ئازاردانی کچان هەبووە، دەبێت ڕووداوێکی بەسەردا هاتبێت بەهۆی کچێکەوە یان هەر هۆکارێکی دیکە، شاعیر بەهۆی ئەستێرەوە توانیویەتی باسی ئەو دیاردە دەروونیە بکات، کە لەدەروونیدا بوونی هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێک هەبێت یان سەرزەنشت بکرێت لەسەری، شاعیر ئەوەی لەنەستیدا چەپێندراوە باسیکردووە و نەستی خۆی بەتاڵ کردۆتەوە.

شاعیر لەشیعرێکی دیکەدا بەردەوام دەبێت و ئەو حاڵەت و دیاردە دەروونیەی ناخی هەڵدەرێژێت و باسی ئەو هەستە سادیزمەی خۆی دەکات و بێباکانە گرنگی بەو کچە نادات و تەنیا دەیەوێت ئازاری بدات و لەناوی ببات، بەم شێوەیە لەو شیعرەدا دەڵێت:

شەوێک وەک پیاوە مرۆخۆرەکانی پێش مێژوو
بە زیندوویتی کەوڵت دەکەم و
چەرمەکەت دەکەم بە پاڵتۆیەک بۆ خۆم و
گۆشتەکەشت بە چنگاڵ دەخۆم و
بە خوێنەکەت هۆنراوەیەکی سامناک
دەنووسم و
لە لوولاقەکانت چەند شمشاڵێک
دروستدەکەم
بۆ ئەوەی هەرچەندە فووم پیاداکردن
گوێم لە بۆنی دەنگی گریانت بێ
(هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣٠٥-١٣٠٦)

شاعیر دەیەوێت ئازار بە کچێک بگەیەنێت و حەزە سادیزمەکانی خۆی بەتاڵ بکاتەوە لەرێگەی ئازاردان و ستەم کردن لەکچەکە، بەزیندوویی ئەو کچە کەوڵ دەکات و لەچەرمەکەی پاڵتۆ دروست دەکات گۆشتەکەشی بە چەنگاڵ دەخوات و لەخوێنەکەی هۆنراوە دەنووسێت، ئەمانە ئەوپەڕی سادیەت و توند و تیژیە، کە شاعیر بەرامبەر ئەو کچە ئەنجامی دەدات بۆئەوەی دڵ و دەروونی ئارام ببێتەوە، تەنانەت لەقاچەکانی شمشاڵ دروست دەکات، بۆئەوەی گوێی لەدەنگی گریانی کچەکە بێت بەمەش شاعیر چێژی لێ وەردەگرێت، شاعیر لەناخەوە زۆر ڕقی لەو کچە هەڵگرتووە و ئەو حەزە سادیزمەی خۆی نەیتوانیوە بەئازادی باسی بکات، بۆیە لە قاڵبی خەوندا لەدەقی شیعری دەریبڕیوە و چێژی وەرگرتووە لەوەی ئەو ئافرەتە یان کچە ئازار بدات.

شاعیر بەو ئاسانیە ئەو هەموو ڕق و هەستە سادیزمەی لەلا دروست نەبووە، بێگومان هۆکاری زۆر و کاریگەر هەبووە لەسەر شاعیر، کە ئازاری دڵی شاعیری داوە، بۆیە ئەو هەموو ڕق و حەزی ئازاردانەی لەلا دروست بووە، شاعیر لەقالبی خەوندا توانیویەتی هەست و سۆزەکانی دەروونی خۆی دەربڕێت، خۆی بەپیاوانی سەردەمی کۆن و پێش مێژوو گەڕاندۆتەوە، ئەوە دەخاتەڕوو ئەوان کچ و ئافرەتیان ئازارداوە، بۆیە شاعیر خۆی بەوان چواندووە.

### ٣. ١. ٦. خەونی ماسۆشی (Masochism):

دیاردەی ماسۆشیزم دیاردەیەکی دەروونیە، کە پێچەوانەی سادیزمە، ئەم حاڵەت و دیاردە دەروونیە بریتیە لە حەزکردن و چێژوەرگرتن لەوەی ئازاری بدرێت و ستەمی لەبەرامبەر بکرێت، سەرەتا ئەم دیاردەیە تەنیا پەیوەست بووە بەلایەنی

سێکسیەوە، بەڵام دواتر بواری دیکەشی گرتۆتەوە، بەو شێوەیەی، کە کەسەکە چێژ و خۆشی وەرناگرن تا ئازار نەدرێن لەلایەن کەسانی دیکەوە لەکاتی سێکس کردندا، ئەم دیاردەیە لەڕۆمان و شیعر و بەرهەمە ئەدەبیەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە و بەفراوانی و بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، ئەم دیاردەیە لای شاعیران و نوسەرانی کوردیش ڕەنگدانەوەی هەبووە، چونکە حاڵەتێکی دەروونییە، دیاردەی دەروونیش گشتییە و لای هەموو مرۆڤێک بوونی هەیە.

### - خەونی ماسۆشی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا:

شاعیریش ئەم حاڵەت و دیاردە دەروونیە لەنەستیدا بوونی هەبووە، ئینجا لەبەر خۆشەویستی نیشتیمان بێت یان خۆشەویستی کچێک ئامادەیە ئازار بدرێت و خۆشی لێ دەبینێت، بەڵام زۆرجار نەیتوانیوە ئەو هەست و حەزی ماسۆشیە باس بکات و بیخاتەڕوو، بۆیە پەنا بۆ خەون دەبات و حەز و ئارەزووە ماسۆشیەکەی خۆی بەجێدەگەیەنێت بەبێ ئەوەی سەرزەنشت بکرێت لەدەقە شیعریەکانیدا دەریبڕیوە، هەروەکو شاعیر لەڕێگەی خەونەوە حەزی ماسۆشی خۆی دەربڕیوە و لەم شیعرەدا دەڵێت:

خەوم بینی ئیمپراتۆری جیهان بووم
تۆش پەریە تاوانباری بێ تاوان بووی
دەرکراوی بەهەشتی زەوی و ئاسمان بووی...
لەکۆشکەکەمدا میوان بووی...
تاجەکەمم کردە سەرت
کردتم بە گەورەی جیهان
تۆ تاجەکەمت شکان
جیهانەکەشمت سووتان
(هەڵمەت، ٢٠١٤، ١١٤)

شاعیر لەم شیعرەدا لەڕێگەی خەون و بەکارهێنانی قالبی خەونئامێز توانیویەتی حەزی ماسۆشی خۆی دەرببڕێت، شاعیر بەو هەموو خۆشەویستیەی بۆ ئەو کچە خۆشەویستەی هەیبووە تاجەکەی پاشایەتی پێشکەش کردووە، کە ئەمە گرنگترین و بەبایەخترینی پاشایە، کەچی پێشکەشی ئەو کچەی کردووە، تەنانەت شاعیر دوای ئەوەی تاجەکەی خۆی بەو داوە پێیوایە، ئینجا بۆتە پاشا و گەورەی جیهان، بەڵام لەکۆتا دێڕدا دەڵێت:

تۆ تاجەکەمت شکان
جیهانەکەشمت سووتان

لەم دێڕەدا دەردەکەوێت ئەو کچە بێباکە لەو گرنگی و نرخ پێدانەی لەلایەن شاعیرەوە پێی دراوە بۆیە ئازاری شاعیری داوە، بەڵام شاعیر ئەو ئازار و وێران کردنەی ئەو کچەی بەلاوە خۆش بووە و پێی ڕازی بووە بەهۆی ئەو خۆشەویستیەی بۆ ئەو کچەی هەبووە، تەنانەت دونیایەکەی و جیهانەکەشی سوتاندووە، شاعیر ئەم حاڵەتە و دیاردە دەروونیەی ماسۆشیزمی بەکارهێنا و ڕەنگیداوەتەوە لە شیعرەکەدا.

ئەو کچە هەم لە زەوی و هەم لە ئاسماندا دەرکراوە و قبووڵنەکراوە، کەچی شاعیر، کە پاشا بووە ئەو کچە دەرکراوەی کردووە بەپاشای جیهان و کۆشکەکەی و تاجەکەی خستۆتە سەری، بەڵام سەرەرای ئەوەش ئازاری شاعیری داوە، ئەو شیعرە ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەجیهانی خەون و دونیای خەون کردووە، کە ئەو دونیایە ئاوات و ئارەزووەکانی شاعیری جێبەجێ کردووە، کە لەدونیای واقیعدا ناتوانێت جێبەجێی بکات و پێی بگات، بۆیە هەوڵی داوە ڕێگە و میکانیزمی دیکە بەکاربهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی، ئەویش شاعیر میکانیزمی بەرگری دەروونی خەونی هەڵبژاردووە و تێیدا بە ئاواتەکانی گەیشتووە.

شاعیر قەرەبووی لایەنێکی خۆی کردۆتەوە ئەو لاوازیەی لە دونیای واقیعدا هەبووە لەڕووی جەستەیی و دەسەڵاتەوە ئەوە لە دونیای خەون و خەیاڵدا قەرەبووی کردۆتەوە و بۆتە پاشا و هەموو جیهانی لەژێردەستەدایە و خۆی فەرمانڕەوا

و ئیمپراتۆره، کەچی سەرەڕای ئەوە هێشتا کە پاشا و فەرمانڕەوایی جیهانە پێی خۆشە لەلایەن ئەو کچەوە ئازار بدرێت.

### 5. دەرئەنجام

- لەتیف هەڵمەت دەرخەری کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەش بووە لەپاڵ لایەنە دەروونییەکان لەشیعرەکانیدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەپاڵ خەون شیعرەکانی دەربڕیوە، بۆیە توانیویەتی ئازادانە باسی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنە دەروونییەکان بکات.
- ئەدەب خۆی لەبنچینەدا پرۆسەیەکە، کە لەسەر خەیاڵ و زیادەڕۆیی بنیادنراوە، کە ئەوەیە دەبێتە هۆکاری ئیستاتیکا و جوانی بە دەقی ئەدەبی ببەخشێت، ئەم خەیاڵەش زۆربەی کات لەڕێگەی خەونەوە دەردەکەوێت، هەروەها لەتیف هەڵمەت لەڕێگەی خەونەوە لەشیعرەکانیدا دیاردەکانی یان گرێی هەست بەکەمیکردن و نێرجسیەتی بەفراوانی ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لە گرێی خۆ بەکەمزانین ئەویش بەهۆی لەدەستدانی دایکی و هەست بەکەمیکردن لەڕووی لاوازی جەستەیی خۆیەوە.
- لەتیف هەڵمەت وشیارانە لەپاڵ بابەتێک، بابەتێکی تری خستۆتەڕوو، بەهۆی دەوروبەر و سەردەمەکە نەیتوانیوە باسی بکات، بۆیە توانیویەتی لەقاڵبی خەون و بەناڕوونی و شاراوەیی بابەتێک، کە لەناخیدا گیرساوەتەوە بیخاتەڕوو و باسی بکات.
- لەتیف هەڵمەت بۆ گوزارشتکردن لە حەز و ئارەزووەکانی بەشێوەیەکی فراوان پەنای بۆ خەون بردووە، لەپەنای خەون حەزە چەپێندراوەکانی ناخی خۆی دەردەبرێت، لەبەرئەوەی نەیتوانیوە بەئازادی باسی ئەو شتانە بکات، چونکە ڕێگەپێدراو نەبوونە لە کۆمەڵگە، بۆیە پەنای بۆ خەون بردووە، شاعیر لەڕێگەی پەنابردن بۆ جیهانی خەون و گەڕانەوە بۆ دونیای منداڵی توانیویەتی حەزە تێرنەکراوەکانی نەستی جێبەجێ بکات و تێریان بکات.
- لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەشاعیرە یاخییەکان، یاخیبوونێکی زۆر لەناخیدا هەیە و ناڕازییە لەدەوروبەری و ئەو سەردەمەی تێیدا بووە، بۆیە هەوڵی دروستکردنی دونیایەکی دیکەی داوە لەڕێگەی خەونەوە، کە تێیدا حەز و ئارەزووەکانی خۆی جێبەجێ دەکات.

### 8. سەرچاوەکان


**کتێب:**

- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، (٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، سلێمانی: چاپخانەی بینایی.
- حوسێن، هیمداد، (٢٠١٠)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی باز.
- خدر، کارزان، (٢٠١٨)، دیداری نوسەران، چاپی یەکەم، سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
- شەوڕۆ، فازڵ، (٢٠١٤)، ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، هەولێر: خانەی چاپ و پەخشی ئەکادیمیا.
- عەبدوڵڵا، سۆران مامەند، (٢٠١٦)، نۆستالژیا لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر: بلاوکردنەوەی ناوەندی ئاوێر، چاپخانەی تاران.
- عیسی، هاوژین سلێوە، (٢٠٠٩)، بنیاتی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.
- موسا، هاوکار، (٢٠١٩)، خەون لەشیعردا، چاپی یەکەم، سلێمانی: بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری سارا.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

- عەبدوڵڵا، پێشڕەو، (٢٠١٠)، قوتابخانەی دەروونشیکاری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، گ- ئاینده، ژ- (٨٩).
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف، (١٩٩٩)، داهێنانی هونەرمەند و ئەدیبان لەروانگەی سیگمۆند فرۆیدەوە، گ. کاروان، ژ .(١٣٥).
- مەعروف، کەمال، (٢٠١٠)، میتۆدی رەخنەی دەروونی، گ- مێرگ، ژ- (٦٥).
- نجاتی، محمد عثمان، (١٩٩٩)، خود و غەریزەکان، وەرگێڕانی: هونەر ساڵح، گ- کاروان، ژ- (١٣٥).

**دیوان:**

- ڕەنجدەر، سەباح، (٢٠١٨)، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، تاران: چاپخانەی تاران.
- عەبدوڵڵا، دڵشاد، (دیوان)، (٢٠١٤)، پەلکەزێرینە لەنزیکەوە، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

– قەرەداغی، دلاوەر، (دیوان)، (٢٠١٣)، دیوانی جادی مێخەک، تاران: چاپخانەیی رجایی، بڵاوکراوەی ناوەندی ئەندێشە.
– هەڵمەت، لەتیف، (٢٠١٤)، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، تاران: چاپخانە بڵاوکراوەی غەزەلنووس.

**نامەی ئەکادیمی:**

-ئیسماعیل، مزەفەر مستەفا، (٢٠٢٠)، ڕەنگدانەوەی نەستی گشتیی لە ڕۆمانەکانی (کاکە مەم بۆتانی)دا، تێزی دکتۆرا، بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

**Dream as a Psychological Defense Mechanism in Contemporary Kurdish Poetry “Latif Helmet” for Example**

**Rayan Askandar Jawhar**
Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin university – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Rayan.jawhar@su.edu.krd

**Rebwar Muhammed Ismael**
Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Rebwar.imael@su.edu.krd

**Abstract**
The above research is entitled Dream as a Mechanism of Psychological Defense in Contemporary Kurdish Poetry. Latif Helmet is an example .The first part presents some general aspects and theories on the subject. Then the second part refers to the types of dreams in Latif Helmet's poems, especially how these types of dreams are reflected in the poets of the poet according to psychoanalysis.
Latif Helmet is one of the poets who has pointed out the hidden mental feelings of his feelings in the form of dreams. The poet's inner side or psychological aspects are revealed through his dream poems Dimensions of dreams.
**Keywords**: dreams, psychological defense mechanisms, psychological semantics, nostalgia, psychological knots.

**الحلم كآلية دفاع نفسية فى الشعر الكردى المعاصر "لطيف هلمت" مثالا**

**ريان اسكندر جوهر**
قسم اللغة الكورديه، كلية التربية، جامعة صلاح الدين–اربيل،
اقليم كوردستان، العراق
Rayan.jawhar@su.edu.krd

**ريبوار محمد اسماعيل**
قسم اللغة الكورديه، كلية التربية، جامعة صلاح الدين–اربيل،
اقليم كوردستان، العراق
Rebwar.ismael@su.edu.krd

**الملخص**
البحث أعلاه بعنوان الحلم كآلية دفاع نفسية في الشعر الكردي المعاصر، لطيف هلمت هو مثال على ذلك، يتناول الجزء الأول بعض الجوانب العامة والنظريات حول الموضوع، ثم يتناول الجزء الثاني أنواع الأحلام من وجهة نظر علم النفس، وفي قصائد لطيف هلمت، خاصة كيف تنعكس هذه الأنواع من الأحلام في قصائد الشاعر.
لطيف هلمت هو أحد الشعراء الذين عبروا عن مشاعرهم الخفية في صورة أحلام، إن الجانب الداخلي أو الجوانب النفسية للشاعر تتكشف من خلال قصائد أحلامه، ومن خلال قراءة نصوص الشاعر وأعماله نتعرف على الجوانب النفسية وشخصيته، لذلك سيتم هنا تسليط الضوء على جوانب ومفاهيم وأبعاد الأحلام.
**الكلمات المفتاحية**: الأحلام، آليات الدفاع النفسي، الدلالات النفسية، الحنين، العقد النفسية.